# ناڵەی قوستەنتین

وەرگێڕانی لە سویدییەوە: رزگار شێخانی

rizgar_shekani@yahoo.se

ساڵی 324 قوستەنتین، قەیسەری ئیمپراتۆری بێزەنتی، شاری "بێزەنتیوم"ی گریکی کردە پایتەخت و ناوی نا قوستەنتین. هەر لە ساڵانی 500 ـەوە، کەوتنە بەر هێرش و پەلاماردان. سەلجوقییەکان کە چەند میرنشینێکی خزم بوون، لە ناوەڕستی ساڵانی هەزار، لە ئێران و وڵاتانی دراوسێیدا فەرمانڕەواییان دەکرد. سەر بە تورکە ئوگوزەکان بوون. بە سەرۆکایەتی توگریل بەگ بەرەو خوارەو هاتن و یەکەم ئیمپراتۆری سەلجووقیان لە ئێران دانا. توگریل بەگ بەغدایشی داگیرکرد و بوو بە سوڵتانی ئەوێش. ساڵی 1063 "ئالپ ئەرسلان"ی برازای بوو بە سوڵتان. ئەویش سوریا و فەلەستینی داگیرکرد. پاشان هاتن ئیمپراتۆری بێزەنتی بڕوخێنن، وڵاتەکەیش داگیربکەن و لەوێوە هێرش بەرەو ئاورووپا ببەن.

شەڕی مەنزیکێرت لە ساڵی 1071دا، دوا شەڕی یەکلاکەرەوەی نێوان ئیمپراتۆری بێزەنتیی و سەلجوقییەکان بوو. ڕۆمانۆس دیگێنیس، قەیسەر و سەرلەشکری سوپای بێزەنتی بوو و ئالپ ئەرسلانیش هی تورکە سەلجوقییەکان بوو. لەم شەڕەدا، بە هۆی خیانەتی کۆمەڵێک سەرکردەی بێزەنتی و بێئارامیی ژیانی ناوخۆ و هەڵپەرستیی هۆزە گەورەکان، کە هەر جارەی پشتی لایەنێکیان دەگرت. سوپای ڕۆمانۆس شکا و خۆی و چەند سەرکردەیەکی دی دیلکران و پاشان ئازادکران. دواتر لە شەڕی ناوخۆ دۆڕا و دەستگیر کرا، لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا هەردوو چاویان دەرهێنا و ساڵی 1072 مرد. ئیدی سەرەتای ڕووخان و هەرەسی ئیمپراتۆری بێزەنتی دەستی پێکرد.

لە ناوەڕاستی سەدەی 13 دا، هێرش و پەلاماری تورک بەرەو ئاورووپا دەستپێکرد. ئەم مەترسییە، گریک و بولگارەکان، ئەلبانی وسەربەکانی لە بەرەیەکدا دژی تورکان کۆنەکردەوە، بەپێچەوانەوە هەر دژی یەکدی دەجەنگان.

تورکەکان کوێرانە و بەربەریانە هێرشیان دەهێنا و تاڵانیان دەکرد. عەرەبێک، کە ناوی محمد بن منگلی بوو، بەم شێوەیە باسی ئەم هێرش و پەلامارانەی تورکان دەکات: "شەڕدەکەن تەنیا بۆئەوەی سەرکەون، نەک بۆئەوەی بەرگری لە باوەڕێک بکەن. واپێدەچێت چێژ لە خوێنڕژتن و وێرانکردن ببینن..."

هاوینی ساڵی 1453 قوستەنتین XI کە دوا قەیسەری ئیمپراتۆری بێزەنتی بوو، لە شەڕی دژی تورکان، کە سوڵتان مەحەمەدی دووەم سەرۆکیان بوو، کوژرا و شاری قوستەنتین ڕووخا. ئاسیای بچووک کەوتە ژێردەستی تورکان و گریکییەکان لە پەلوپۆ کەوتن. چۆن دەبێ کڵێسە پیرۆزەکە، **"هاگیا سۆفیا"** لەژێردەستی تورکان بێت؟ ئەم ژێرکەوتنە، لە چیرۆک و گۆرانی فۆلکلۆری گریکیاندا، جێگەیەکی دیاری هەیە. گۆرانییەکان تژی خەم و هیوان. خەمی ڕووخانی شاری قوستەنتین و هیوای رزگارکردنەوەی. رەنگە لە هەموو ئەو شیعر و چرۆکانەدا، شیعری "**ناڵەی قوستەنتین**"، خەمبارترین شیعر بێت لەبارەی رووخانی "قوستەنتین"ـەوە، کە نازاندرێ کێ نووسیویەتی. تا ئەمڕۆش بۆ گریکییەکان قوستەنتین- **شارەکە**یە. پاشان تورکەکان ناوی شارەکەیان گۆڕی بۆ ئیستەنبۆل، کێشەی سیاسی و کولتووری ئێستای نەتەوەی گریک و تورک، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناڵە و گریان، ئاخ و ژان،
خەمی بێ دڵنەوایی یەخەی گریکیانی گرتووە،
ماڵیان، **شارە** پیرۆزەکەیان دۆڕاندووە،
کە هیوا و سەروەریان بوو.
- کێ وای گوت؟ لە چ کەسێکتان گوێ لێبوو؟
- بەلەمێک بەبن "**تێنێدۆس**"دا هات
لە کەشتییەکی جەنگییەوە گۆداری پرسیارەکە بووین:
- کەشتی چارۆکەدار، لە کوێوە هاتوویت و بۆکوێ دەچیت؟
- لە نەفرەتەوە، لە تاریکایی زۆرەوە هاتووم،
لە برووسکە، لە ڕێژنەی تەرزە و لە تۆفانەوە هاتووم،
لە **شارەوە** هاتووم، ئەوەی برووسکە سووتاندی،
بارم هەڵنەگرتووە، بەڵام هەواڵم پێیە،
بۆ هەموو گاورێک خەمگینە، تاڵ و تاریکە.
تورکەکان هاتن، **شار**یان گرت،
لەوێ و لە هەموو شوێنێک گاورەکانیان بڕییەوە.
- بوەستە کەشتی چارۆکەدار، بوەستەو وەڵام بدەوە:
قوستەنتین لەوێ بوو؟ قوستەنتینی فەرمانڕەوا،
ژیرەکە، بەهێزەکە، ئەوەی لەهەمووان بوێرترە،
نەرمەکە، ڕەوانبێژەکەی سەروەری گریکیان؟
- لەوێ بوو، قوستەنتینی سیاچارە.
بینی، ئەو سەگانە شوورەکان بڕوخێنن
پیادە و سواریش شاڵاو بێنن و
گاورەکان ببڕنەوە، وەک کە لە دەشت کا دەبڕێتەوە.
ئاخی هەڵکێشاو لە بن فرمێسکدا گوتی:
"خودایە بەزەییت بەم دیمەنەدا بێت!
چۆن دەتوانن ئەوە ببینن، کە چاوی من دەیانبینێ؟
چۆن لەم جیهانە هەمەجییەدا، هۆشم لە بەر بمێنێ؟
دەبینم تورکەکان بێنە ناو **شارە** پیرۆزەکەوە،
ئێستا من و میللەتم لەناودەبەن."
بەچورادەوریدا دەڕوانێ،
دەبینێ: **کریتییەکان** هەڵدێن، **گینووسەکان** هەڵدێن،
**ڤێنێدیسییەکان** هەڵدێن، ئەو بەتەنیا ماوەتەوە.
ئەوسا بە لێوی وشکەوە بانگ دەکا:
"ڕۆڵەکانم هەڵدێن تا خۆتان رزگار بکەن و
منی بەدبەختیش جێدەهێڵن؟
لە دەمی دڕندەدا، بۆ ئەم سەگانە جێمدەهێڵن!
گریکییە گاورەکان سەرم ببەن،
**کریتییەکان**، بیبەنە **کریت**،
با خەڵکی **کریت** بیبینن و شینبگێڕن،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

له سینه‌یان بده‌ن و بگریه‌ن،
ستایشی پیاوچاکیم بکه‌ن، چونکه هه‌مووتانم خۆشویستووه.
نابێ ئه‌م سه‌گانه بمگرن و ئه‌سیرم بکه‌ن
چونکه بێبه‌زه‌یی و بێباوه‌ڕن،
ده‌مبه‌نه لای ئه‌میر، ئه‌و سه‌گه، مه‌حه‌مه‌د،
ئه‌وسا ڕووخسارم خه‌مگین و چاوم به خه‌م بێت
بله‌رزم و لێوم وشک بێت.
پێ له‌سه‌ر ملم داده‌نێ،
ناکرێ پێی به‌ڕه‌للایه‌ک له‌سه‌ر ملی شایه‌ک بێت.
گاڵته‌م پێده‌کات و پێمده‌ڵێ: کوا خواکه‌ی تۆ؟
ئه‌و سه‌گه، به سه‌گه‌کانیتر ناوم ده‌زڕێنێت،
یاری به تاجم ده‌کات و ئابڕووم ده‌بات.
ئازار و ئه‌شکه‌نجه‌م ده‌دا،
سه‌رم ده‌بڕێ و له‌سه‌ر کۆڵه‌گه‌یه‌کی داده‌نێ،
دڵم ده‌رده‌هێنێ، هه‌ناوم هه‌ڵده‌لوشێ و
خوێنیشم ده‌خواته‌وه،
شمشێره‌که‌یشی له‌ناو خوێنم ده‌ڕه‌نگێنێ،
به نه‌مانی من خۆی هه‌ڵده‌کێشێ."
تۆ ئه‌ی خۆر، له‌هه‌موو شوێنێک ده‌رکه‌وه، هه‌موو دنیا ڕۆشنبکه‌ره‌وه،
به‌سه‌ر هه‌موو که‌وندا تیشکت بڵاوبکه‌ره‌وه،
به‌ڵام به‌سه‌ر **قوسته‌نتین**، ئه‌وه‌ی جاران به‌ناوبانگ بوو
ئێستا شاری تورکانه، بۆت نییه چیتر ڕۆشنی بکه‌یت و
تیشکت بۆ ئه‌وێ بنێریت،
تا ئه‌و سه‌گانه، ئه‌و تاوانانه نه‌بینن که ده‌یکه‌ن.
کڵێساکان ده‌ڕووخێنن و ئێکۆنه‌کان ده‌سووتێنن،
پێ به‌سه‌ر کتێبه  پیرۆزه له زێر دروستکراوه‌کاندا ده‌نێن،
کوفر به خاچه‌کان ده‌که‌ن و ده‌یانشکێنن،
زیو و مرواریه‌کانیان لێده‌که‌نه‌وه.
متفه‌ڕکه‌کان، که بۆنیان زۆر خۆشه،
ده‌یانسووتێنن و فڕێیان ده‌ده‌نه ناو ده‌ریا،
به‌رده‌تراویلکه و نه‌خشیان لێده‌که‌نه‌وه و
له کاسی پیرۆزیشدا، شه‌راب ده‌خۆنه‌وه.
پیاوی ماقووڵ، میر، میره ژه‌نی شکۆمه‌ند،
به‌گزاده و ژیر، به‌ته‌ربییه‌تی
ئابڕوومه‌ند، به‌مێرد و بێ مێرد،
ڕاهیبه، پاکیزه، ئه‌بیدسه‌کان،
که بایان پێنه‌که‌وتووه و خۆریان نه‌بینیوه
- له دێره پیرۆزه‌کان گۆرانیان ده‌گوت و ده‌یانخوێنده‌وه -
بێ به‌زه‌یی وه‌کو حکومدراو ده‌رفێنرێن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چۆن دەتوانن بۆ تورکیایان ببەن؟ وەکو کۆیلە دەفرۆشرێن و
بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بڵاودەکرێنەوە،
ڕووت، پێخواس، شەکەت و برسی،
دەیانکەن بە شوان و گاوان و ئەسپەوان،
ئێوارانیش لەگەڵ ئیسلاماندا هەوەس بکەن،
لەکەداریان دەکەن و زۆڵیان لێدەبیتەوە،
ئیسلامە تازەکان سەگی تێنووی خوێنن،
پەلاماری گاوران دەدەن و لەناویان دەبەن.
ئاسمان، بۆت نییە بهێڵیت ئەمە رووبدا،
زەوی، نابێ بەرگەی ئەمە بگریت!
خۆر، ڕووناکیت خامۆشبکە، مانگ پرشەنگ مەدە!
دەمەوێ **قوستەنتینی** گەورە بەخۆر و
**شارە** پیرۆزەکەیشی بە مانگ بچوێنم.
................
ئەو **شارەی** تۆ دەیبینی، **قوستەنتینی** گەورە ڕازاندییەوە،
ئەو شارەی کە ناوی ئەوی لێنرا.
"یوستینیانۆس"یش وایکرد، جوان ڕازاندییەوە،
"هاگیا سۆفیا"ی دروستکرد، چەند جوانە سەیری بکرێ،
لەنزیکیشیدا "پانایە سیون"ێک.
**قەیسەر** خۆر و **شاریش** مانگ بوو،
خۆر نەبێ مانگ پرشەنگ نادا.
ئەم قەیسەرانە باوەڕدار و خودایین.
بەسەر **شاری** لە هەموو شتێک پیرۆزتر دەگەشانەوە و تیشکیان دەدا
بیر لە جوانیی **شار**یش بکەمەوە،
هەناسەی سارد هەڵدەکێشم،ناڵەم دێت و لە سینەی خۆم دەدەم.
هەموو پەردەی عەرش و ڕازاندنەوەی "هاگیا سۆفیا"
ئەوەی کە هی پاکیزەمان بوو،
پیرۆزترین شت، چیان لێهات؟
-----

هاتنی تورکان، لە شار و گوندەکاندا گرانی بەدوادا هات. بە شێوەی وا درندانەیش خەڵکیان ئازار و ئەشکەنجە دەدا، کە ڕەنگە لە مێژوودا هاوشێوەی نەبێت. خەڵکەکە لە ترسی کوشتن، کۆیلەبوون و بەئسلامکردنیان، ڕوویان لە چیاو دوورگە دوورەکان کرد. ژیانیان لەناو چیا سەخت بوو، بەڵام ئازاد بوون. لە گۆرانییەکی فۆلکلۆریی گریکیاندا دەڵێ:

لە شارەکان، کۆیلە لەگەڵ تورکان دەژین
شاری بوێران، زەندۆڵی چیاو دەشتودەرە
لەگەڵ درەندە دەژین، نەک لەگەڵ تورکان.

سەرچاوە:
بۆئەوەی زێتر لەبارەی هاتنی تورک بۆ ئاسیای بچووک و داهێنانیان لە ئازار و ئەشکەنجەدان بزانیت، ئەم کتێبە بخوێنەوە.
Inga och Iannis Ambatsis, GREKLANDS TREDJE ANSIKTE, Norstedts 1981

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com